پەرتووکی III

مافەکانی منداڵان

# هەڵسەنگانی باشترین بەرژەوەندییەکان چییە؟



# بەخێرهاتی!

## ئەم چیرۆکە لەبارەی چوار کەسی لاوە — ڕێک وەک تۆ.

ئەوان دوای گەشتێکی درێژ بەسەلامەتی گەیشتوونەتە ئەورووپا.
هەندێک کەسێک گەنج بەتەنها گەیشتوون. هەندێکیان لەگەڵ خێزان گەیشتوون.
ئەوان پرسیاری زۆریان هەیە - و لەلایەن ئەو کەسانەوە یارمەتی دراون کە لەو شوێنە ئیش دەکەن کە ئەوان تێیدا دەژین.

## ئەم چیرۆکە دەکرێ یارمەتی تۆش بدات!

ئەوان ئەمانە فێر دەبن:

- هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان بە واتای چی دێت
- پێشبینی چی بکەین
- بۆچی پێویستە تۆ لەگەڵ ئەفسەرەکان بەشدار بیت و کاریان لەگەڵ بکەیت
- کێ دەتوانێت یارمەتیت بدات
- پەیوەست بە مافەکانت

تۆ دەتوانیت ئەم چیرۆکە بخوێنیتەوە:

- بەتەنها
- لەگەڵ هاوڕێیەک
- لەگەڵ کەسێک کە لێرە کار دەکات

## کاتی خۆت وەرگرە. ئاسایی کە بوەستی و دواتر بگەڕێیتەوە سەری.

ئەگەر تێگەیشتن لە شتێک سەخت بێت، داوا لە کەسێک بکە کە بۆت ڕوون بکاتەوە.
سەرپەرشتەکەت، توێژەری کۆمەڵایەتی یان پارێزەر دەتوانن یارمەتیت بدەن.

بۆ کە سانی خوار 18 ساڵ کە بەتەنها دەگەن، سەرپەرشتێکیان بۆ دیاری دەکرێت. لە هەندێک وڵاتدا، سەرپەرشت پێشی دەوترێت نوێنەر.


هەروەها، لە هەندێک وڵاتدا، داواکردنی پەنابەرێتی پێی دەوترێت داواکردنی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی.

## لە کۆتاییدا، ئەمانەت بۆ دەردەکەوێت:

- لاپەڕەیەک کە زانیاریی خۆجێی لەسەرە
- کویزێکی خۆش
- بۆشایی بۆ نووسینی پرسیارەکانی خۆت و زیادکردنی زانیاریی پەیوەندیی بەسوود


لە کۆتاییدا، ئاگادار بە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە ناوەندەکانی پێشوازی پێشکەش دەکرێن کە تۆ تێیدا دەمێنیتەوە بێبەرامبەرن. ئەگەر ئەندامێکی ستاف داوای پارەی کرد، قسە لەگەڵ ئەفسەرێک کە متمانەت پێیەتی یان سەرپەرشتەکەت بکە.

# کەسایەتییەکانی ناو ئەم چیرۆکە بناسە



## محەمەد

من تەمەنم 17 ساڵە. من زۆربەی کات دڵخۆشم. من حەزم لە یارمەتیدانی هاوڕێکان و خێزانەکەمە هەرکاتێک کە بتوانم.
من چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بە تەنها گەیشتووم و بەدوای باپیرەمدا دەگەڕێم. من بەپەرۆشم بۆ دەستکردن بە ئیش.



## ئەحمەد

من تەمەنم 15 ساڵە. من لەگەڵ خوشکە گەورەکەم یاسەمین گەیشتووم، کە لەوەتەی دایکمان کۆچی دوایی کردووە ئەو چاودێری منی کردووە. من حەز دەکەم کات بەسەر ببەم و هاوڕێی نوێی پەیدا بکەم. من بەڕاستی دەمەوێت بەزووترین کات کە بتوانم بگەڕێمەوە قوتابخانە. لەم ساتەدا، من لێرە خۆم فێری زمانی خۆجێی دەکەم.




## یاسەمین

من تەمەنم 24 ساڵە. من بەیەکەوە لەگەڵ براکەم، ئەحمەد، گەیشتووین، کە بەوپەڕی توانامەوە چاودێری دەکەم. ئێمە ئەم دواییە گەیشتین و هەوڵ دەدەین بچینە لای مامامان کە ماوەیەکە لە ئەوروپا دەچیت. من حەزم لە وەرزشە و من لە یاریکردنی تۆپی پێ زۆر باشم.

## ئادەم

من تەمەنم 9 ساڵە. من بەتەنها لێرەم. لە ئێستادا، من بڕیارم داوە قسە نەکەم. من تووشی شتگەلێکی خراپ بووم بەر لەوەی بگەمە ئێرە. من پێویستم بە هەندێک کاتە بەرلەوەی دووبارە قسە بکەمەوە. بەڵام من زیرەکم و لە هەموو شتێک تێدەگەم. من گوێگرێکی زۆر باشم و دەمەوێت بچم بۆ قوتابخانە. من حەزم بە هەموو هاوڕێ نوێیەکانم دێت کە تا ئێستا پەیدام کردوون.





## خاتوو ئیناس

من سەرپەرشتم و لەم ناوەندی پێشوازییە کار دەکەم. من هەوڵ دەدەم بەوپەڕی توانامەوە پاڵپشتی هەموو منداڵان و لاوان بکەم کە داوای پەنابەری دەکەن. من حەزم لە چێشتلێنانە و دڵخۆشم دەکات کاتێک کە هەمووان سەرقاڵ و چالاکن. ڕاهێنان وادەکات هەموومان لەڕووی جەستەیی و دەروونی بە تەندروستی

## بەڕێز فرێد


من ڕاوێکاری یاساییم، کە جۆرێکە لە پارێزەر.
من لێرە بەیەکەوە لەگەڵ گەلێک هاوپیشەی چاک ڕاهێنراو کار دەکەین.
من زانیاری و پاڵپشتی لەسەر بابەتی یاسایی و لەسەر داوانامەکانیان بۆ پەنابەرێتی پێشکەش دەکەم. من حەزم لە پۆشینی تیشێرتی ڕەنگاوڕەنگە کە پەیامیان لەسەرە.




سوپاسێکی گەورە بۆ هەموو ئەو پەناخوازە لاوانەی کە ئەم چیرۆکەیان خوێندەوە بەر لەوەی بڵاو بکرێتەوە و یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی بەجوانی تەواو بکرێت.

ئەوان هەروەها یارمەتیدەر بوون بۆ هەڵبژاردنی ناوی کەسایەتییە سەرەکییەکان.


هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو دامودەزگایانەی لەماڵتا و هۆڵندا پاڵپشتی وتووێژەکان بوون لەگەڵ هەرزەکارەکان.


خاتوو ئیناس...
... کاتت هەیە مانای 'باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ' ڕوون بکەیتەوە؟
بەدڵنیاییەوە! بیرت بێت، منداڵ کەسێکە کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵەوەیە.
بەڵێ!
ڕەچاوکردنی باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ واتە دیاریکردنی باشترین بژاردەکان و دۆزینەوەی باشترین چارەسەرەکان بۆ منداڵێک بۆ ئەوەی سەلامەت، دڵخۆش و تەندروست بێت.
ئەو گەورەساڵانەی کە چاودێریی منداڵان دەکەن، وەکوو باوک و دایک یان سەرپەرشت، دەبێت هەمیشە سوودی تۆ بخەنە پێشەوە. هەموو منداڵێک شایانی ژیانێکی سەلامەت و تەندروست، خواردن، قوتابخانە، کاتی یاریکردن و خێزانێکی میهرەبانە.
ئەو کەسانەی کە گرنگی بە تۆ دەدەن، لەناویاندا ئەو فەرمانگانەی کە بۆ تۆ بڕیار دەدەن، دەبێت گوێ بۆ هیوا و ترسەکانی تۆش بگرن.


کەسانی لاوی وەک تۆ کە داوای پەنابەرێتی دەکەن لە ئەوروپا زۆرجار بەتەنهایی دەگەن و پێویستییان بە پاڵپشتییە.
... بەڵام ئەی ئەگەر منداڵێک لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بگات؟
سەرپەرشت هەوڵ نادات کە جێگەی خێزانەکەت بگرێتەوە بەڵام پاڵپشتیت دەکات کاتێک تۆ بەتەنهایت. ئێمە دڵنیات دەکەینەوە کە باشترین بەرژەوەندییەکانت پارێزگارییان لێدەکرێت تا ئەو کاتەی چیتر پێویستیت بە یارمەتی نامێنێت.
باشترین بەرژەوەندیی هەر منداڵێک گرنگە. هەر گەورەساڵێک کە گرنگی بە منداڵێک دەدات دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات کە باشترین شت چییە بۆ منداڵەکە. بەڵام... ئەمە هەمیشە ئاسان نییە. هەندێکجار چاودێریبەخشان ڕەنگە نارەحەتی بکێشن. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لێرە دەتوانن ئامۆژگارییان پێبدەن.
تۆ دەتوانیت لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتیش قسە بکەیت، ئەگەر خانەوادەکەت گیرۆدە بن یان بەو شێوەیەی کە پێویستە گرنگی بە تۆ نادەن. هەموو گفتوگۆیەکان بە نهێنی دەمێننەوە!


تۆ دەتوانیت هەموو بیرۆکە و هەستەکانت لەگەڵ سەرپەرشتەکەت هاوبەش بکەیت.
هەروەها... فەرمانگەکان ڕەنگە ناچار بن کە بڕیاری وەها بدەن کە کار لە ژیانت بکات. بۆیەش سەرپەرشتێک یارمەتیت دەدات کە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت بۆ دلنیابوونەوە لەوەی دەنگت دەبیسترێت.
ئایا دەتوانیت نموونەیەکم لەبارەی بڕیارێک بدەیتێ کە ئەوان ئەنجامی دەدەن؟
بەدڵنیاییەوە. بڕیارەکان دەکرێ لەسەر ئەوە بن کە تۆ پێویستە چ چاودێرییەکی پزیشکی وەربگریت، تۆ دەبێت لەکوێ و لەگەڵ کێ بژیت.
بەڵام من پێم وایە تەمەنی پێویستم هەیە کە بۆ خۆم بڕیار بدەم! من دەمەوێت لەگەڵ باپیرەم بم کە لەکاتی گەشتەکەمدا ونم کرد.
تێدەگەم. دەزانی، سەرپەرشتەکان گوێت بۆ دەگرن.


ئەوان بۆچوونەکانت بەجدی وەردەگرن و یارمەتی فەرمانگەکان دەدەن کە لە بارودۆخی کەسیی تۆ تێبگەن ...
و بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە باشترین شت بۆ تۆ چییە.
ئایا ئەوان کتومت چۆن ئەمە دەکەن...؟
ئەفسەرانی ڕاهێنراو پرسیارگەلێکت لێدەکەن، بۆ زانینی زۆرترین شتّ لەبارەی بارودۆخی تۆوە.
وڵامەکانت یارمەتیت دەدەن کە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن باشترین شت بۆ ئێوە چییە. لە حاڵەتی تۆدا، ئەحمەد، فەرمانگەکان سەرەتا پشکنین بۆ ئەوە دەکەن ئاخۆ باپیرەت...
... ئەوەندە تەندروست و بەهێزە کە چاودێری تۆ بکات...
... لە شوێنێکی سەلامەت دەژیت...
... دەتوانێت خواردن، جلوبەرگ و خوێندن بۆ تۆ دابین بکات...
... و لە ڕابردوودا بەباشی مامەڵەی لەگەڵ کردوویت.


بەڵێ... ئەمە لە داهاتوو ڕێگە لە کێشەکان دەگرێت. هەندێکجار، ئەوەی کە منداڵێک لە هەر کاتێکی دیاریکراودا دەیەوێت ڕەنگە لە باشتری بەرژەوەندیی خۆی نەبێت.
ڕاستە... ئەمانە هەمووی گرنگن!
ڕێک وایە!
تێدەگەم... فەرمانگەکان دەیانەوێت شتەکان بە دروستی وەربگرن...
ئێستا من تێدەگەم کە بۆچی ئەوان گەلێک پرسیاریان لەبارەی باپیرەم لێکردم...
بەڵی، کردنی پرسیاری دیاریکراو، بەتایبەت کاتێک پێویستە بڕیارە گرنگەکان بدرێن، پێی دەوترێت هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان.


هەرچەندی دەتوانی هاوبەشی بکە.
بیرت بێت، ئەم هەڵسەنگاندنە دەکرێ لە کاتی جیاوازدا ڕووبدات، لە زیاتر لە یەک کۆبوونەوەدا و لەبەر هۆکاری جیاواز، لە حاڵەتی تۆدا، بەهۆی شادبوونەوەت بە ئەندامی خێزانەکەت، هەروەها پێی دەوترێت یەکگرتنەوەی خێزان...
... کە پرۆسەیەکە بۆ بەیەکەوە کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزان کە پێشتر لەیەکتر دابڕابوون. دەتوانیت بیر لە نموونەیەکی تر بکەیتەوە؟
... کاتێک منداڵێک لە شوێنێک دەژیت کە سەلامەت نییە.
ڕێک وایە!
مەبەستت لە ‘سەلامەت نییە’ چییە؟
بەداخەوە، هەموو منداڵان سەلامەت نین، بەتایبەت کە بەتەنها دەگەن.



هەندێک کەس ڕەنگە خۆیان بە میهرەبان نیشانْ بدەن پاشانیش بەخراپی هەلسوکەوت بکەن یان هەوڵ بدەن سوود لە تەنهایی تۆ وەربگرن بۆ خۆیان.
هەندێکجار، ڕەنگە ئەوانەی بەخراپی مامەڵەت لەگەڵ دەکەن تەنانەت ئەندامانی خێزان بن.
گرنگە کە تۆ ئەم شتانە لای ئەفسەرەکان باس بکەیت، تا ئەوان بتوانن یارمەتیت بدەن.
ئەو ئەفسەرەی کە پرسیارەکانی لێدەکردن زۆر میهرەبان بوو...
بەڵێ، زۆرجار ئەوان توێژەری کۆمەڵایەتی یان پزیشکی دەروونیی منداڵانن.
ئەمە جێبایەخ و سوودبەخشە. زۆر سوپاس!
شایانی نییە! هەرگیز واز لە پرسیارکردن مەهێنە!

# گرنگ

## لەم وڵاتەدا...

ئەو فەرمانگەیەی کە لێرە شوێنێکی سەلامەتم بۆ ژیان بۆ دابین دەکات، کە پێشی دەوترێت پێشوازی، بریتییە لە:
_______________________________________________

**ئەگەر بمەوێت زیاتر بزانم لەبارەی:**

- ئەو یارمەتییە گشتییانەی کە دەتوانم وەریانبگرم، وەکوو حلوبەرگ و بەرهەمەکانی پاکوخاوێنی، ئەوا من دەتوانم پەیوەندی بکەم بە یان بچم بۆ: _______________________________
- حی دەبێت ئەگەر هەست بە نەخۆشی بکەم، من دەتوانم پەیوەندی بکەم بە: _______________
_______________________________________________
_______________________________________________
- حۆن بحمە قوتابخانە، کارامەیی نوێ یان زمانی خۆحێی فێر ببم، من دەتوانم پەیوەندی بکەم بە: ________
_______________________________________________
_______________________________________________

فەرمانگەی بەرپرسیار لە کارکردن لەسەر داوانامەی پەنابەرێتیی من بریتییە لە: _______________
_______________________________________________

ناوی سەرپەرشتەکەم: _______________________________
_______________________________________________

ئەگەر من ئارەزوومەندی فێربوونی زیاتر بم لەبارەی هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان، کەی ڕوودەدات و چی بەسەر ئەو زانیارییانەدا دێت کە من هاوبەشیان دەکەم، ئەوا دەتوانم قسە لەگەڵ سەرپەرشتەکەم بکەم یان ئەمە سەیری ئەمە بکەم:
_______________________________________________
_______________________________________________
_______________________________________________

# گرنگ

**لەم وڵاتەدا...**

من هەروەها دەتوانم بێبەرامبەر پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاساییەوە بکەم بۆ زانینی زیاتر لەبارەی ڕێوشوێنی پەنابەری و بابەتە پەیوەستەکان. بۆ ئەمە، من دەتوانم پەیوەندی بکەم بە:______________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

ئەگەر هەرکەسێک کە لێرە ئیش دەکات، وەکوو ئەفسەرەکان، ڕاوێژکارە یاساییەکان، توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان یان سەرپەرشتەکەم، بەخراپی مامەڵەم لەگەڵ بکەن، ئەوا دەتوانم سکاڵا پێشکەش بکەم و پەیوەندی بکەم بە: ________________

____________________________________________________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

لە حاڵەتی کتوپڕدت، من دەتوانم پەیوەندی بە ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری بکەم لە ______________________________________
یان پۆلیس _____________________________________________________________________________________

زانیاریی گرنگی تر: ________________________________________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

____________________________________________________________________________________________

# کویز

**من پشکنین بۆ زانیارییەکانم دەکەم لەسەر ئەوەی کە لەبارەی هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان فێری بووم.**

☑ نیشانەی ڕاست لە وڵامە دروستەکان بدە.

**1** ڕەچاوکردنی باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ واتا...

- ◯ ا. فەرمانگەکان گوێ بۆ من و سەرپەرشتەکەم دەگرن بۆ تێگەیشتن لە هەستەکانم، پێویستییەکانم و تێڕوانینەکان، بۆ ئەوەی بتوانن باشترین بڕیار بۆ من بدەن.
- ◯ ب. هیچ کەسێک گوێ بۆ من ناگرێت.

---

**2** بۆ زانین لەبارەی پێویستییەکانم و ئەوەی لە بارودۆخی تایبەتدا چی بۆ من باشترینە، فەرمانگەکان لەکاتی هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان پرسیارم لێدەکەن.

- ◯ ا. ڕاست
- ◯ ب. هەڵە

---

**3** بۆچی فەرمانگەکان هەڵسەنگاندنی باشترین بەرژەوەندییەکان ئەنجام دەدەن؟

- ◯ ا. بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ من کاتێک کە بڕیارەکە گەورەکان پێویستە بدرێن، وەکوو ئەوەی من دەبێت لەکوێ و لەگەڵ کێ بژیم.
- ◯ ب. چونکە ئەوان حەزیان لە قسەکردنە.

---

**4** باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ تەنها پەیوەندییان بەو منداڵانەوە هەیە کە بەبێ باوک و دایکیان دەگەن.

- ◯ ا. ڕاست
- ◯ ب. هەڵە

---

**5** ئەو ئەفسەرانەی کە لەو شوێنە ئیش دەکەن کە من تێیدا دەژیم بەردەوام لە من و سەرپەرشتەکەم دڵنیا دەکەنەوە ئاخۆ هیچ پێویستییەکی نوێم هەیە.

- ◯ ا. ڕاست
- ◯ ب. هەڵە

## وڵامەکانی کویزەکە

پرسیاری 1: ا پرسیاری 2: ا پرسیاری 3: ا پرسیاری 4: ب پرسیاری 5: ا.

# تێبینییەکان

# تێبینییەکان

KURDISH (SORANI)

ئـەم نامیلکەیـە تەنهـا بۆ مەبەسـتی زانیارییـە. خۆی لـە خۆیـدا هیچ مـاف یـان بەرپرسیارێتییـەک نابـەخشێت. ئاژانسـی یەکێتیـی ئەوروپا بۆ پەنابـەری (EUAA) ناوەڕۆکـی سـەرەکیی ئـەم نووسـراوەی دابین کـردووە، و بەرهەمهێنانـەوە یـان دەستکاریکردنـی ئـەم نامیلکەیـە لەلایـەن EUAA تەنهـا بۆ وڵاتانـی ئەندامـی یەکێتیـی ئەوروپـا ڕێپیـدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییـەک یـان گرتنەئەستۆیـەک ناگرێتـە ئـەستۆ پەیـوەست بـە وردێتـی، نـاوەڕۆک، تەواوێتـی، یاسـایی بـوون یـان جێمتمانەیـی ئـەو زانیارییـەی کـە لەلایـەن وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپا یـان هـەر لایەنێکـی سێیەمـی بەڕپرسـی تـر خراوەتـە نـاو ئـەم نامیلکەیـەوە. نـە EUAA و نـە هیچ کەسێـک کـە لەبـری EUAA مامەڵـە دەکات بەرپرسیار نین لەو بەکارهێنانەی کە بۆ زانیاریی ناو ئەم نامیلکەیە ئەنجام دەدرێت.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پەنابەری، 2025

